Australian Government

Department of Home Affairs

# Status Resolution Support Services Programme
# Privacy notice and consent
# پرۆگرامی خزمەتی پشتیوانی بڕیاری حاڵەت
# ئاگاداریی نهێنیپارێزیی و ڕەزامەدنی

Form **1450 KURS** KURDISH (SORANI)

ئەو ڕێکەوتنە بۆ کەسانێکە کە کۆمەکی دارایی، ئێستا یان لە دواڕۆژ، لەژێر پرۆگرامی Status Resolution Support Services (خزمەتی پشتیوانی بڕیاری حاڵەت (SRSS)) وەردەگرن. پرۆگرامی SRSS بۆ ئەم کەسانەیە:

- هەرزەکارە بێیاوەرەکان کە لە جێگایەک نیشتەجێن لە دەرەوەی شوێنەکانی گلدانەوە (detention)؛
- کەسانێک کە لە خانوەکانی گلدانەوەی کۆمەڵگە (community detention) نیشتەجێن؛
- کەسانێک کە لە شوێنەکانی گلدانەوە ئازاد دەکرێنو هەڵگری ڤیزەی کاتیین (temporary visas)؛ هەروەها
- کەسانێک کە لەنێو کۆمەڵگەدانو ڕەوانەکراون بۆ لای پێشکەشکارانی خزمەتگوزاری (service providers) بۆ یارمەتی.

تکایە بە وردیی ئەم ڕێکەوتنە بخوێنەوە. ئەگەر پێویستیت بە یارمەتییە بۆ تێگەیشتن لە ڕێکەوتنەکە، ئەوە قسە لەگەڵ پشکەشکەری خزمەتگوزارییەکانت (service provider) یان فەرمانبەرێک لە وەزارەتی کاروباری ناوخۆ (وەزارەت) بکە، ئەوان دەتوانن موتەرجیمت بۆ ئامادەبکەن.

## ئایا من ئەو مافەم هەیە؟

پرۆگرامی SRSS ژمارەیەک کۆمەکو یارمەتی پێشکەش بەو کەسانە دەکات کە مافی وەرگرتنی کۆمەکەکانیان هەیە لەڕێگەی پێشکەشکارانی خزمەتگوزارییەکان (service providers) کە کۆنتراکتیان لەگەڵ بەستراوە، هەروەها لە ڕێگەی وەزارەتی خزمەتگوزارییە مرۆییەکان لە ئوسترالیا (وەزارەتی خزمەتگوزارییە مرۆییەکان)، لەوانە کۆمەکی دارایو دانانی کارمەندی کەیس.

مافی وەرگرتنی کۆمەکەکان بەپێی پرۆگرامی SRSS بەبنەما لەسەر وردبوونەوە لە کەیسەکان بە جیا بڕیاری لەسەر دەدرێت. ئەگەر تۆ ئێستا لە شوێنەکانی گلدانەوەی، ئەوە پڕکردنەوەی ئەم ڕێکەوتنە زەمانەتی ئازادکردنت ناکات لە شوێنی گلدانەوەکەت.

## چ جۆرە زانیارییەکی کەسیی (شەخسیی) کۆدەکرێنەوەو دەدرێن بە لایەنەکانی دیکە؟

لەکاتی چاوپێکەوتنەکان، فەرمانبەرانی کەیسەکانو International Health and Medical Services خزمەتگوزارییە تەندروستییو پزیشکییە نێودەوڵەتییەکان (IHMS) زانیاری کەسییو هەستیار لەسەر تۆ کۆدەکەنەوە. ئەگەری ئەوە هەیە ئەو زانیاریانە بدرێن بە پێشکەشکارانی خزمەتگوزارییەکانی کۆمەڵگە بۆ ئەوەی یارمەتیان بدات لە داڕشتنی پلانو بەڕێوەبردنی نیشتەجێکردنت لەنێو کۆمەڵگە. زانیارییەکانی سەر تۆ دەدرێن بە وەزارەتی خزمەتگوزارییە مرۆییەکان بۆ بەڕێوەبردنی دەرماڵەکانی تۆ بەپێی پرۆگرامی SRSS. زانیارییەکان ئەمانە لەخۆدەگرن:

- زانیاری کەسیی:
  - ناونیشانو ژمارە تەلەفۆن
  - داهاتو سەروسامان، بە زانیاری دەربارەی پارەی کاشو ئەو کەلوپەلانەی کە هەتن لە شوێنی گلدانەوەت
  - حاڵەتی کۆچبەرییت
  - کار
  - خوێندن
  - زمان، هەروەها
  - شوێنی نیشتەجێبوون بەو کۆمەکو یارمەتیانەش کە وەریدەگریت یان شوێنی نیشتەجێبوونت لەنێو کۆمەڵگەی ئوسترالیا.
- زانیارییە کەسییە هەستیارەکان
  - نەتەوە
  - ئایین
  - ناونیشانو ژمارە تەلەفۆنی ئەندامانی خێزانەکەتو زانیاری دیکە لەسەر بارودۆخیان، هەروەها
  - پێداویستییە تەندروسییەکان

## چۆن وەزارەت نهێنییەکانی من دەپارێزێت؟

زانیارییە کەسییەکانت پارێزراون بەپێی یاسا، لەوانە بەپێی *Privacy Act 1988* (کارنامەی نهێنیپارێزیی ١٩٨٨). زانیاری گرنگ لەسەر کۆکردنەوەو، بەکارهێنانو دانی زانیارییەکان (بە لایەنی سێیەمو دامەزراوەکان، لەوانە وڵاتانی دەرەوەش) ی سەر تۆ، بە زانیارییە هەستیارەکانیشەوە، لە فۆرمی 1442i *Privacy notice* (تێبینی نهێنیپارێزیی) دەستدەکەون. فۆرمی 1442i لە وێبسایتی وەزارەت **/www.homeaffairs.gov.au/allforms** یان لە نوسینگەکانی وەزارەت دەستدەکەون. واچاکە تۆ فۆرمی 1442i بخوێنیتەوەو لێی تێبگەی پێشئەوەی ئەو ڕێکەوتنە پڕبکەیتەوە.

## بۆ ئێمە داوای ڕەزامەندی تۆ دەکەین؟

بۆئەوەی بەشداری پرۆگرامی SRSS بکەیت، ئەوە وەزارەت پێویستی بە بەکارهێنانو دانی زانیارییە کەسییەکانو زانیارییە کەسییە هەستیارەکان دەبێت بە پێشکەشکارانی خزمەتگوزارییەکان، کە کۆنتراکتیان لەگەڵ کراوە، هەروەها بە وەزارەتی خزمەتگوزارییە مرۆییەکان، تاکو ئەوان بتوانن خزمەتگوزارییەکانو کۆمەکەکانو دەرماڵەکانت لە جیاتی وەزارەتی کۆچبەریی پێشکەشبکەن. بۆ ئەنجامدانی ئەمانە وا دەخوازێت کە تۆ ئەو ڕێکەوتنە پڕبکەیتەوە.

## ئەو زانیارییانەی کە دەدرێن بە پێشکەشکارانی خزمەتگوزارییەکانو وەزارەتی خزمەتگوزارییە مرۆییەکان چییان بەسەر دێت؟

پێشکەشکارە خزمەتگوزارییە کۆنترات لەگەڵ بەستراوەکانو وەزارەتی خزمەتگوزارییە مرۆییەکان، ئەوانیش لەسەریانە کە زانیارییەکان کۆبکەنەوەو بدەن بەلایەنی دیکە بەپێی ڕێنماییەکانی *Privacy Act 1988*. ئەوان لەسەریانە کە زانیارییە کەسییەکانی تۆ بپارێزنو دەستگەیشتن پێیان سنوردار بکەن تەنیا بۆ ئەو کەسانەی کە ئیشیان پێیە. تۆ دەتوانی زانیاری زیاترت دەستکەوێت لەسەر ئەوەی کە چۆن وەزارەتی خزمەتگوزارییە مرۆییەکان مامەڵە لەگەڵ زانیارییە کەسییەکانی تۆدا دەکات، بە پۆلیسی نهێنیپارێزیشەوە لەم وێبسایتە **www.humanservices.gov.au/privacy** یان بە داواکردنی کۆپییەک لە وەزارەتی خزمەتگوزارییە مرۆییەکان.

وەزارەتی کۆچبەریی ئەوەندەی پێویستکا زانیاری دەدات بە پێشکەشکارانی خزمەتگوزارییەکانو وەزارەتی خزمەتگوزارییە مرۆییەکان بۆ دڵنیابوون لەوەی کە هەموو ئەو کۆمەکو یارمەتیو دەرماڵانەی کە مافی خۆتە بدەن بە تۆ.

© COMMONWEALTH OF AUSTRALIA, 2018

ئەم لاپەڕەیە بە ئانقەست بۆشە

Australian Government

Department of Home Affairs

# Status Resolution Support Services Programme
# Privacy notice and consent
# پرۆگرامی خزمەتی پشتیوانی بڕیاری حالەت
# ئاگاداریی نهێنیپارێزیی و ڕەزامەدنی

Form **1450 KURS**
KURDISH (SORANI)

وەزارەتی کاروباری ناوخۆ (وەزارەت) پێویستی بە کۆکردنەوەی زانیارییە کەسییو زانیارییە کەسییە هەستیارەکان هەیە تاکو ئەرکەکانی خۆی بەپێی ڕێنماییەکانی *Migration Act 1958* (کارنامەی کۆچبەریی ۱۹۵۸) جێبەجێبکات، هەروەها، تاکو کۆمەکو یارمەتی پێشکەش بە تۆ بکات بەپێی پرۆگرامی خزمەتی پشتیوانی بڕیاری حالەت (SRSS).

زانیارییە کەسییو زانیارییە کەسییە هەستیارەکانی تۆ بە نهێنی مامەڵەیان لەگەڵدا دەکرێت، هەموو بەکارهێنانو دانیشی تەنهاوتەنها دوای ڕەزامەندی تۆ یان بەپێی ڕێنماییەکانی *Migration Act 1958* (کارنامەی کۆچبەریی ۱۹۵۸) و *Privacy Act 1988* (کارنامەی نهێنیپارێزیی ۱۹۸۸) دەبێت. بۆ زانیاری زیاتر لەسەر نهێنیپارێزیی پەیوەندی بە 881 131 بکە.

Please print this form and complete it in English using a pen and BLOCK LETTERS.

Tick where applicable ✓

تکایە ئەم فۆرمە بە ئینگلیزی پڕبکەوە بەبەکارهێنانی پیتی کەپیتاڵ

نیشانەی ڕاست لە شوێنی پێویست دانێ ✓

## 1 Individual's full name
ناوی تەواوی کەسەکە

Family name
نازناو (لەقەب)

Given names
ناوی یەکەم

Date of birth
ڕێکەوتی لە دایکبوون

DAY رۆژ / MONTH مانگ / YEAR ساڵ

Person's ID
ناسنامەی کەسەکە

ImmiCard number *(if applicable)*
ژمارەی ImmiCard *(ئەگەر هەبێت)*

## 2 Consent
ڕەزامەندی

- I consent to participate in the SRSS Programme. I understand that to participate in the SRSS Programme, the Department needs to provide my personal and sensitive personal information to contracted service providers and the Department of Human Services. Personal and sensitive information includes medical information and information about my ethnicity and preferred language.
- I give consent to International Health and Medical Services (IHMS) to release my medical records and reports to the Department and contracted service providers for the consideration of suitable placement in the community.
- I understand I can withdraw my consent at any time by contacting the Department however, I understand that this would have an impact on the services provided to me. I understand that this consent will remain valid unless I withdraw it, even if I move into different bands of the SRSS Programme.

- من رازیم لەسەر بەشداریکردن لە پرۆگرامی SRSS. من دەزانم بە بەشداریکردن لە پرۆگرامی SRSS ئەوە وەزارەتی کۆچبەریی پێویستی بەوە دەبێت کە زانیارییە کەسییو زانیارییە کەسییە هەستیارەکانی من بدات بە پێشکەشکارانی خزمەتگوزارییەکانو وەزارەتی خزمەتگوزارییە مرۆییەکان. زانیارییە کەسییو زانیارییە کەسییە هەستیارەکان لەوانەیە زانیارییە پزیشکییەکانیش بگرێتەوە لەگەڵ زانیاری لەسەر باکگراوندی نەتەوەییو ئەو زمانەی کە قسەی پێدەکەم.
- من رازیم کە International Health and Medical Services (خزمەتگوزارییە تەندروستییو پزیشکییە نێودەوڵەتییەکان (IHMS)) تۆمارو راپۆرتە پزیشکییەکانم بدات بە پێشکەشکارانی خزمەتگوزارییە کۆنتراکت لەگەڵ بەستراوەکان بۆ رەچاوکردنیان لەکاتی دەستنیشانکردنی خانویەکی گونجاو بۆ من لەنێو کۆمەڵگەدا.
- من دەزانم کە دەتوانم ڕەزامەندی خۆم هەرکاتێک حەزبکەم بکێشمەوە، ئەویش لەڕێگەی پەیوەندیکردن بە وەزارەتی کۆچبەرییەوە، من ئەوەش دەزانم کە کێشانەوەی ڕەزامەندی کاریگەریی دەبێت لەسەر ئەو کۆمەکو یارمەتییانەی پێشکەش بە من دەکرێن. من دەزانم کە ئەو ڕەزامەندییە بەردەوام دەبێت تا ئەوکاتەی کە من دەیکێشمەوە، تەنانەت ئەگەر بچمە ژێر بەشێکی دیکە لە پرۆگرامی SRSS دا.

**Signature of individual**
**واژۆی کەسەکە**

Date
ڕێکەوت

DAY رۆژ / MONTH مانگ / YEAR ساڵ

**OR** if a person is unable or unwilling to release the information, a guardian (if appointed) can deem the release of the information if it is in the best interest of that person

**یان** ئەگەر کەسەکە نەیتوانی یان نەیەوێت زانیارییەکان ئازادبکات، ئەوە سەرپەرشتیارێك (guardian) (ئەگەر دانرابوو) دەتوانێ بڕیار لەسەر ئازادکردنی زانیارییەکان بدات، ئەوە ئەگەر لە بەرژەوەندی کەسەکەدا بوو

**Signature of guardian**
**واژۆی سەرپەرشتیار**

Date
ڕێکەوت

DAY رۆژ / MONTH مانگ / YEAR ساڵ

Full name of guardian *(block letters)*
ناوی تەواوی سەرپەرشتیار (بەپیتی گەورە)

Organisation
ڕێکخراو/دەزگا

© COMMONWEALTH OF AUSTRALIA, 2018

## 3 Witness
## شایەد

- I saw the person sign their signature.
- I agree to not disclose any information contained in this Agreement.

- من دیتم کە کەسەکە واژۆی واژۆکەی کرد.
- من رازیم کە هیچ زانیارییەکی ناو ئەو رێکەوتنە نەدرکێنم.

**Signature of witness**
**واژۆی شایەد**

Date
رێکەوت

DAY رۆژ MONTH مانگ YEAR ساڵ
/ /

Full name *(block letters)*
ناوی تەواو (بەپیتی گەورە)

## 4
Was an interpreter used?
ئایا موتەرجیم بەکارهات؟

No
نەخێر

Yes
بەڵێ

Give details
وردەکارییەکان بنوسە

Interpreter's full name *(block letters)*
ناوی تەواوی موتەرجیم (بەپیتی گەورە)

TIS number
ژمارەی تیس (TIS)

- I have accurately interpreted the contents of this Agreement to the person and checked their understanding prior to them signing.
- I am aware of the confidentiality clause under which I have been engaged and agree to not disclose any information contained in this Agreement.

- من بە وردی ناوەڕۆکی ئەم رێکەوتننامەیەم تەرجومەکرد بۆ کەسەکەو دڵنیاشبووم لەوەی کە تێیگەیشتووە، پێش ئەوەی کە واژۆی بکات.
- من ئاگاداری بەندی نهێنیپارێزیم کە من لەژێر رۆشناییدا تێکەڵ بەم کارە بوومو رازیم کە هیچ زانیارییەکی ناو ڕێکەوتننەکە ئاشکرانەکەم.

**Signature of interpreter**
**واژۆی موتەرجیم**

Date
رێکەوت

DAY رۆژ MONTH مانگ YEAR ساڵ
/ /


© COMMONWEALTH OF AUSTRALIA, 2018